# خەم وەك چاوگی داهێنان

## گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ماغوت



باران

شوان ئەحمەد
کردویەتی بە کوردی

***سەردەمانێك قاچاغ بویت، لە كوێ خۆت دەشاردەوە؟**

- لە ژورێكی نزم و نەوی لە گەڕەكی (عین الكرش)، نیوە ژورێك بوو. دەبوو سەرم دانەوێندایە، بۆ ئەوەی سەرم لە بنمیچی ژورەكە نەدا، لەوێدا (العصفور الاحدب)م نوسی ... ناوی ئەو شانۆگەریەم گوزارشت بوو لەو دۆخەی تێیدا دەژیام، ژورێكی تەنگ بوو، پەردەكانی دادرابونەوە وەك ئەوەی ژوری فیلم شتنەوە بێت.

جگە لە خوێندنەوە شتێكی دیكەم نەبوو خۆمی پێوە خەریك بكەم. (سونەیە ساڵح) و هەروەها (زەكەریا تامر) كتێبیان بۆ دەهێنام.

من هەمیشە لە ژورێكی تەنگەڵاندا ژیاوم، پارەی كرێكەم پێنەبوو، ناچار لە بری ئەوە كەلوپەلەكانم جێدەهێشت، جارێكیان كە بڕیارمدا هەڵبێم بەرەو بەیروت، ویستم لە ژورەكەمەوە بە دزیەوە بۆی دەرچم، بەڵام خاوەنەكەی گرتمی، كەلوپەلەكانی دامێ و وتی : (خوا حافیزت بێت)، هەر لە یەكێك لەو ژورە تەنگەڵانانەدا (غرفه بملايين الجدران) م نوسی .

***كەی (العصفور الاحدب) ت نوسی ؟**

ساڵی 1963، دە رۆژ كەمتری لێبردم، سەرەتا وەك چامەیەكی شیعری نوسیم و دوایی گۆڕیم بە شانۆنامە، پاش ئەوە دەنگەكان، زیادیان كرد، دەنگگەلێك كە دەیانویست بقیژێنن و هاوار بكەن، منیش دەرفەتم دانێ و دواتر بوونە قارەمان.

من شارەزای شانۆ نیم و بۆم گرنگ نییە ئەو شانۆنامەیەی دەینوسم شیعرە یان شیعرنییە.

بەڵام ئەگەر هاتوو شانۆگەری (عصفور الاحدب) مان بە باڵێكی دیكە دایە قەڵەم، ئەوا دەبێت ئەوە بڵێین كە باڵێكە لە هەموو شیعرەكانی پێشوترم زیاتر خوێنی لێدەچۆڕێت، چونكە لە ڕێی ئەوەوە لە سۆراغ و پێكۆڵكردنی شتگەلێكی زۆردا بووم، ئەم شانۆگەریە سەرباری فەزا تراژیدیەكەشی، بەڵام دەكرێت بە پرۆژەی زەردەخەنەیەكی زەردی دابنێین.

***بۆچی شانۆی عەرەبی گەشەی نەكردوە و بەرەو پێش نەچووە؟**

-لەبەر هۆیەكی زۆر سادە، دیالۆگ كە كرۆكی شانۆییە، لە وڵاتانی عەرەبیدا یاساغ بووە و تا ئێستاش هەروایە، تەنها دیالۆگێك ڕێگەپێدراو بێت دیالۆگی قامچی و هاوار، دیالۆگی جەلاد و قوربانیە.

***بیرت ماوە لە سەرەتای نوسینی (1) پیت لە مێشكتدا بوو؟**

* لەو بڕوایەدانیم قەڵەڕەشێكی بریندار سەرەقەڵەم لە بەردەم دەنوكیدا دابنێ، بۆ ئەوەی بە پێی ئەوە شین و زار بكات.

بیرم دێت ئەوە لاواندنەوەیەك بوو بۆ مرۆڤی عەرەب لە ناخی دڵەوە، هەروەها سەركۆنەكردنی ئەوانیش بوو لە ناخەوە كە بۆ توێكاری ئەو مرۆڤەیان ڕاخستبوو، وەكو كەروێشكێكیش دەست و قاچییان دەرزی ئاژن كردبوو، بۆ ئەوەی تاقیكردنەوەی لەسەر بكەن.

دەمویست بڵێم: (ئەو مرۆڤە قوڕ بەسەرە نە كەروێشكە و نە نەخۆشیشە، ئەوەی نەخۆشە پزیشك و نەخۆشەوانەكانین).

***هەر لەوكاتەدا ڕۆمانی (الارجوحه) شت نوسی كە تاكە ڕۆمانی تۆیە، پێموابێت ئەو دەقە زیاتر لە بایۆگرافیاوە نزیكە و باس لەو سەردەمە دەكات كە لە زیندان بویت؟**

- بەڵێ. (الارجوحه) بە بایۆگرافیا دەچێت، دوای ئەوەی وازیان لە ڕاوەدونانم هێنا و لێم گەڕان، دەستم بە نوسین كرد بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ دەستنوسەكەیم لای دایكم بەجێهێشت.

سەروەختێك دەستمكەوتەوە، هەوڵمدا تەواوییكەم، بەڵام نەمتوانی زەحمەت بوو ئەو نەفسەی ئەوسام دەستكەوتایەتەوە.

لەو ساتەدا كێشەیەكی دیكەش هەبوو، ئەویش كێشەی دەستوخەتەكەی بوو، چونكە من زۆر بە كاڵی و بە وردی دەمنوسی، لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕۆژێك دەست پۆلیس و ئاسایش بكەوێت، بۆیە دوای ئەو ماوە زۆرە بە خوێندنەوەیەوە تەواو ماندووبوم و لێی حاڵی بوم.

*كاتێك (الارجوحه)م خوێندەوە، وەها مامەڵەم لەگەڵ (غەیمە)دا كرد، وەك ئەوەی (سونەیە ساڵح) بێت.

***(سونەیە) ت چۆن ناسی؟**

- لە بەیروت ماڵی (ئەدۆنیس) ناسیم ، خوشكی (خالیدە سعید)ی هاوسەری (ئەدۆنیس)ە، لە ڕێێ پێشبڕكێیەكی ڕۆژنامەی (النهار) ەوە بۆ باشترین چامەی پەخشانی، یەكترمان ناسی. سەروەختێكیش لە لوبنانەوە گەڕامەوە سوریا، ئەو هات بۆ خوێندن لە زانكۆی دیمەشق و لە تەواوكردنی مامەڵەكانیدا هاوكاری كرد، دوای ئەوە چیرۆكی خۆشەویستییەكی قوڵ لە نێوانماندا دەستیپێكرد.

(سونەیە) تاكە خۆشەویستی من بوو.. ژیانێكی پڕ چەرمەسەری لەگەڵدا گوزەراندم، بەڵام بەردەوام لە شار و لە گەردون گەورەتربوو. شاعیرێكی مەزن




بوو، هەقی خۆی نەدرایە.
رەنگە ناوی من زیانی پێگەیاندبێ و ئەوەی شاردبێتەوە .. ئەوەش بۆ خۆی زۆر جێگەی داخە و ناخۆشە.

هاوکات رەخنەش هەقی خۆی نەدایە، بێباوەڕان چەند ناوی خوا دێنن، رەخنەگرانیش کە دێنە سەر باسی کاروانی شیعری هاوچەرخی عەرەبی، ئەوەندە ناوی (سونەیە) دێنن، ئەو شاعیرێکی گەورە بوو لە وڵاتێکی بچوك و لە ناو رەخنەگرانێکی بچوکدا.

پێموایە دوادیوانی (ژکور الورد) کە بە نەخۆشی و لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا لە نێوان پاریس و دیمەشقدا نوسی، یەکێکە لە جوانترین و قوڵترین ئەو تێکستانەی لەم سەردەمەدا دەربارەی مرۆڤی عەرەب نوسراوە.

(سونەیە) گەورەترین ژنە شاعیری عەرەبە، نەك (نازك ملائیکە) و (غادە سەمان) و ئەوانی دیکە.

***کێشەو ناکۆکی لە نێوانتاندا هەبوو؟**

-بە هەموو ژیانم هاوڕانەبووم لەگەڵیدا. ئێمە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی ژیانمان لەیەك دەچوو، بەڵام سەر بە دوو دنیای جیاوازبوین، دنیای ئەو رۆحانی و رۆمانسی و عاریفانە و پڕخەون بوو، لە کاتێکدا ژیانی من نوقمی ناو قوڕ و چڵپاو و میز و دڵڕەقی و شۆستە و شەقامەکان بوو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژیانمان جوان بوو.

(سونەیە) دایك و دایەن و خۆشەویست و دەرد و نەخۆشیم بوو، راوبۆچونی ئەو لەسەر ئەو شتانەی دەمنوسی یەکلاکەرەوە بوو، ئەگەر شتێکم بنوسیایە و یەك تۆز لەبەر ئەو دوو دڵ بومایە، یەکسەر دەمدڕاند و سەر لە نوێ دەستم بە نوسینی دەکردەوە.

ئەگەر بیوتایە (جوانە)، ئەوا هەستم بە دڵنیایەکی گەورە دەکرد، (سونەیە) لە شیعر و لە ژیاندا خوێنەری یەکەمین و یەکەمین ماموستام بوو.



کە نەخۆش کەوت و لەسەرەمەرگدا بوو، لەلای دانیشتم و قاچەکانیم ماچدەکرد کە بەهۆی دەرزی لێدانی زۆرەوە کون کون بوو بوون، لەوکاتانەدا قسەیەکی دا بە گوێمدا کە هەرگیز بیرم ناچێت: (تۆ خانەدانترین مرۆڤی لە دنیادا).

***دوای مردنی (سونەیە ساڵح) هیچ ئافرەتێکی دیکەت خۆشنەویست؟**

-دوای ئەو هەرچی ژنە ئەستێرەن (گوزەر دەکەن و دەکوژێنەوە)، ئەو تەنها بۆخۆی ئاسمانە.

***لە سەر کێلی گۆڕەکەی نوسیوتە: (ئێرە ئارامگەی سونەیە ساڵحە، دواین منداڵ لە جیهاندا) ئایا سەردانی گۆڕەکەی دەکەی؟**

- تەنها جارێك نەبێت نەچوومەتە سەر گۆڕەکەی لە گۆڕستانی (السیدە زینب) دڵگرانیم بۆ ئەو لە گازینۆ و شەقامەکاندا دەرنابڕم، ئەوە هەستێکی زۆر تایبەتە و لە ناخمدا هەڵمگرتووە، بەداخەوە ئێستا بەدەگمەن نەبێت نایەتە خەوم.




*** لە چامەیەکی زۆر کاریگەردا بە ناوی (سیاف الزهور) لاواندوتەتەوە؟**

-سی دانە ساڵ وەك سەربازێکی بریندار منی دابوو بە کۆڵیدا، کەچی من نەمتوانی چەند هەنگاوێك بۆ گۆڕەکەی هەڵبیگرم... (سونەیە) تاقانەی ئەم سەردەمە و هەموو سەردەمەکانە.

***لە تێکستەکانتدا وێنەی ژن تەمومژاویە، پێدەچێت وێنەی دایکت بە زۆری ئامادەیی هەبێت؟**

-ژن تاکە شوێنێکە وا دەکات باکور و باشور، خۆرهەڵات و خۆرئاوا ببن بەیەك.

***زاراوەی خەم و ناسۆر لە شیعرەکانت جیانابێتەوە تا ئەو رادەیەی خۆت بە دەرگاوانێکی کۆنی بەردەرگەی خەم وەسف دەکەیت؟**

-من خۆم نازانم خەم و ژانم کەی دەستیپێکرد و هیچ کەسێکیش نازانێ خەم لای مرۆڤایەتی کەی دەستی پێکردووە، بەڵام دەزانم خەم شتێکەو لەگەڵ مرۆڤی عەرەبدا لە دایك دەبێت و لە گەردنی دەئاڵێت. من خۆم وام و دەزانم ئەو خەمە دەستکردی خۆم نییە، بەڵکو ستەمکاران و هەژاری و مێژوو دروستیانکردووە.

***خەمی تۆ خاڵییە لە تۆزقاڵێك ئومێد؟**

-پێموانییە خەمی من نابینا بێت، بەڵکو خەمێکی چاپکراوەو بە دیقەتە، دنیا بینی ئەوانی دی کوێرانەیە بە بەڵگەی ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لە پەنجاکاندا نوسیومن لە ئێستادا وەها دەخوێندرێنەوە، وەکو ئەوەی لەم چرکەساتەدا نوسیبێتم.

ئەگەر شیعری من غەمگین بێت، لەبەر ئەوەیە ئەو قۆناغە مێژویی و ژینگە و فەزایەی تێدا دەژین، خۆی خەمناکە. کەس بە گەشبینانە یان بە رەشبینانە لە دایك نابێت.. سەروەختێك یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆم نوسی، هەرچی هەبوو نەبوو گەشبین بون، من وا نەبووم، دەمبینی سەردەمەکە بارگاوییە بە خەم و رەشبینی و شکست و دۆڕان.

خەم کاکڵەی هەموو ئەفراندن و لێهاتوی و بەهرەمەندیە، تەنانەت کۆمیدیا نۆڕماڵ و ئاست بەرزەکانیش، ئەگەر ناوەڕۆکەکەی خەم نەبێت دەبێتە شتێکی دروستکراو و گاڵتەجاری.

***قەت بووە بۆ جارێك خەم وازت لێبێنێت؟**

-بەڵێ، ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار خۆشەویستیم کرد ئەویش ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا بوو.

***دوای ئەو هەموو ساڵە، خەمی تۆ لە کەمی نەدا و نەبڕایەوە؟**

-بە پێچەوانەوە زۆر زیاتر بووە، ئێمە هەر یەکەمان عەماراوێکی مێژوویمان لە خەم هەیە، وەکو ئەو نەخۆشیانە وایە کەلە منداڵیدا دەرناکەوێت، بەڵکو دواتر نیشانەکانی دیاری دەدەن. کێشەی من ئەوەیە درکم بەو شتانە دەکرد و دەمخستنەڕوو، بەڵام ئەوانی دی هەر رواڵەت و روی دەرەوەیان دەبینی، من زۆر لەو دیکۆرە مێژوویە دورترم دەبینی.

***هەندێك بە کەسێکی رۆمانسیت دەبینن، سەرباری ئەو زبریە زۆرەی بە دەستەواژەکانتەوە دیارە؟**

-رەنگە لە سەرەتای دەستپێکردنم بە نوسین لە چل و پەنجاکاندا رۆمانسی بووبم، ئەویش بەهۆی خوێندنەوەی هەمەچەشن و جۆراوجۆری ئەدەبی جیهانییەوە.

هەڵوێستی من لە ئاست ئەو مۆدێلە شیعری و ئەدەبیانەدا وەك ئەو لادێیە وەهابوو کە خۆی بە بازاڕدا دەکات و روناکی و کۆشك و ئوتومبێل دەبینێت، بەڵام سەروەختێك دەگەڕامەوە ژورەکەم و ماڵە لادێیەکەم، ئەوە تەنها لە یادەوەریدا بوو (نرکە و ناڵەی بار) و (پەستی و تەنهایی پارچە کاغەزەکەی بەردەستم بوو).

من چۆن دەژیم ئاواش دەنوسم، چۆنیش دەنوسم وا دەژیم، رەنگە جەنگ یەك وشە لە ناخمدا نەبزوێنێ، بەڵام دەنگی گۆرانییەك لە پەنجەرەوە یان کۆکینی مرۆڤێك لەوسەری شەقامەکەوە، لە گیانمدا ئەو شتانە بتەقێننەوە کە بە هیچ جەنگێکی خوێناوی نەکرێت.

***لە شوێنێکدا دەڵێیت (پسپۆڕی و شارەزاییم تەنها لە ئازادیدا هەیە)، چ کات هەستت بە نرخ و بەهای ئازادی کرد؟**

-کاتێك کە لە زیندان بووم.. لەو بڕوایەدام ئازادی دەسپێکی هەموو شتێك بێت، لەبەر ئەوەی ئازادی رون نییە یاخود جێی گومانە، بۆیە ئاساییە گومان لە هەموو شت بکرێت.. مرۆڤی عەرەب داگیرکراوە، هەندێ شوێنی ترس داگیریکردووە و هەندێکی کەی برسیەتی و نائومێدی هیچ ئازادییەك لە دنیادا نییە بدرێت، بەڵکو دەسەندرێت. پێویستە لەسەر داهێنەری راستەقینە باجی ئەو شتانە بدات کە دەیانوسێت، نەك شتی دەست بکەوێت وەك هەندێك لە درۆزنە نوسەران و بازرگانانی وشە دەیکەن.

بە درێژایی ژیانی خۆم بۆ هەر وشەیەك نوسیبێتم، ترس و بیمێکی زۆرم



**لە ژورێکی تەنگەڵاندا ژیاوم، پارەی کرێکەم پێنەبوو، ناچار لە بری ئەوە کەلوپەلەکانم جێدەهێشت، جارێکیان کە بڕیارمدا هەڵبێم بەرەو بەیروت**

چەشتووە، بەڵام باشیەکەی ئەوەیە ئەو شتانە دەمێننەوە و بە هەوانتە نارۆن. ئەوەی سەبوریم دەداتێ ئەوەیە لە بیابانی هەژاراندا دارو درەختی تایبەتی خۆمم هەیە و هیچ تەور و هیچ پایزێك دەرەقەتیان نایەت.

من (عەنتەر)نیم، بەڵام بە راستگۆیی دەنوسم و هەرگیز درۆم نەکردووە، خولیای ئازادی بە دوامەوەیە و زۆر کۆنە ... ئێمە ناتوانین بە چەکی سور یاخود سپی بەسەر دوژمنانمان و دوژمنانی ئازادی و داهاتوو و مێژوماندا سەربکەوین، بەڵکو دەبێت ئەو کارە بە چەکی شین واتە بە وشە بیکەین، لێرەوەیەکە ئەستەمە وتارێکی رۆژنامەوانی من ببینیت، بێ ئەوەی باسی ئازادی تێدا نەبێت.

***کە دەنوسیت ترسی رەقیب و سانسۆرت نییە؟**

- لە ناوەوەمدا سانسۆرێکی شەخسی هەیە، بەڵام دەزانم چۆن چاوبەستی لێدەکەم و خۆمی لێدەدزمەوە جوانی سانسۆر دەکوژێت. کاتێك تۆ بەهێزتریت و دەرەقەتت نایەن، وەك کاریکاتێرستێك هەوڵدەدەم پاژنەی (ئەخیل) ت بۆ دەدۆزمەوە؟

- من نە دەکڕدرێم و نە دەفرۆشرێم... لە پەنجاکانەوە هەرچی هەیە و نییە (هەر لە بچوکترین ئەفسەری هەواڵگرییەوە تا بەرزترینیان)، ئەوە دەزانێت. ئامادەم دەستبەرداری یەك ملیۆن شت بم، بەڵام دەستبەرداری قەڵەمەکەم نابم. ئەوە تەنها منم نەگۆڕاوم و وەك خۆم ماوم. لە هەر کوێیەك بم من (محەمەد ماغوت)، لە شام بێت یا لە بەیروت، لە شانزلیزێ بچیت یان لە w.c، خودی خۆمم.

دیدار

جارێکیان ئەمەم نوسی: (ئەژنۆکانم بە کۆژێنێ دەسڕمەوەو لەناوی دەبەم، نەبادا بۆ سەربازێک یان ڕێبازێک یاخود سەردەمێك بە چۆکدابێم.. ئاخر منێك کە لە سەرەتاییدا بووم و هەڵەش بووم، لەسەر خشتەی لێکدان و هەڵۆکەی قوڕەش و عوقبەی کوڕی نافیع نەنوشتامەوە و سەرم نەنا بە دیوارەوە، ئێستا چۆن کەلەسەر هەقیشم کڕنوش بۆ کەس دەبەم.

***سەرەڕای ئەوەی رقت لە پۆلیسە، کەچی ماوەیەك لە گۆڤاری پۆلیسدا کارت کردووە؟**

-ئەوکاتە وەزیری ناوخۆ کە ناوی (محەمەد ڕەباح تەویل) بوو هاوڕێم بوو.. وتی حەزم بە نوسینەکانتە و منیش بێ ئیش و کار بووم، سەر وەختێك بە سەرنوسەری گۆڤارەکە دایاننام، تا دوو ڕۆژ لە ترساندا بۆ دەرگاوانەکە دەوەستام. لە پەنجاکاندا سەردەمێکی تیرۆری مەردانەمان گوزەراند.

***تۆ بەردەوام وشەگەلێکی وەك (ترس و فۆبیا و گۆشەگیریت) لەسەر زارە و دەیانڵێیتەوە؟**

-من بە ترس و بیمەوە لە دایکبووم و هەر بە ترس و بیمەشەوە سەردەنێمەوە، من ترس ڕۆحی سمیوم و هەموو شتێ دەمترسێنێ، نەتەوەی عەرەب بنەمای دەگمەن و تایبەت بە خۆی هەیە، تێکڕای نەتەوەکانی دنیا بنەما سەرەکیەکانی نەتەوەبونیان (زمان و مێژوو و ئایینە)، تەنها نەتەوەی عەرەب نەبێت کە بنەماکانی دروستبوونی وەك نەتەوەیەك بریتیە لە (زمان و ئایین و مێژوو و ترس) من یەکێکم لەم نەتەوەیە... ترسی من سروشتیە و ئەوەی سەیر و ناقۆڵایە دڵنیایی خەڵکانی دیکەیە. ئەو عەرەبەی ناترسێت و دڵنیایە، گومان لە عەرەببونی دەکەم.

***جارێکیان وتبوت :(ئەو پێنوسە سەرم دەخوات، زیندانێك نەماوە نەیبردبم) ئەرێ زیندان ئەو قەڵەمەی بەرەو کوێ برد؟**

-بەرەو سوربون و پێداگری زیاتری برد، لەسەر بەگژداچونەوەی زوڵم و ستەم لە ناو زیندان و لەدەرەوەی زیندانیشدا.... ڕەنگە ئەم کۆپلە شیعرەم گوزارشت لەو حاڵە بکات:

هێز نییە لە دنیادا
ناچارم کات ئەو شتانەم خۆش بوێت
کە حەزم پێییان نیە و
ڕقیشم لەوانە بێت کە ڕقم لێیان نییە
مادامەکی
توتن و شقارتە و شەقام هەبێت

***جگەرە زۆر دەکێشیت ؟**

-ڕۆژانە چوار پاکەت دەکێشم.

***بە درێژایی ڕۆژیش دەخۆیتەوە؟**

-ماوەیەك بە بەردەوامی دەمخواردەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو خەمۆکیەکی زۆر دایگرتبووم، بەڵام ئێستا کەمتر دەخۆمەوە... دنیای من (ویسکی و جگەرەو خەمە).

*ئەم گۆشەگیریەی ماوەیەکە تێیکەوتویت، نابێتە مایەی زیادکردنی خەمۆکیەکەت؟

-حەز ناکەم کەس ببینم، حەزم بە تەنییای و بێدەنگییە و کە خەڵك دەبینم شپرزە دەبم و دەشڵەژێم، من مرۆڤێکی ڕەشبین و بەدبەختم و بە درێژایی ژیانم بەختەوەریم نەناسیوە، من لە ناو سەرما و سۆڵەو قوڕ و گۆڕستانەکاندا ژیاوم و هەتا ئێستاش هەر هەست دەکەم دەربەدەرم، هاوڕێ و دۆستی تازەم نیە و دنیاکەی من نوسینە، من لە دەرەوەی تیانوسەکانمدا ون دەبم، تیانوسەکانم نیشتیمانمە.

**خەم کاکڵەی هەموو ئەفراندن و لێهاتوی و بەهرەمەندیە، تەنانەت کۆمیدیا نۆڕماڵ و ئاست بەرزەکانیش، ئەگەر ناوەڕۆکەکەی خەم نەبێت دەبێتە شتێکی دروستکراو و گاڵتەجاری**



***جارێك (مەسیح) هاواری کردبوو: (خودایە بۆ جێت هێشتم)، تۆش هاوارت کردبوو: (خودایە من تەنهام)!**

-(مەسیح) یەکجار لە خاچ درا، من رۆژی سەد جار لە خاچ دەدرێم، ئەو لە پێناو ئاسماندا لە خاچ درا، من لە پێناو زەویدا.... بۆیە من بێ یار و بێ موریدم... من پیاوی تاریکیەکانم، من تارمایم، لە ژیانمدا لە ناوەڕاستی پۆل یان سینەما یان شانۆدا دانەنیشتوم، یان لەسەر مێزێك لە ناوەڕاستی قاوەخانەیەکدا دانەنیشتوم، هەمیشە لە سوچێکدا و دوور لە هەموو شتێك پەنام دەگرت و چاوم دەبڕیە شۆستەکە.

***بۆچی؟**

-بۆ ئەوەی لە یەك شەقامدا سەرنج لە مرۆڤە پێپەتیەکان و ئۆتومبێلە شەبەحەکان بگرم، وەکو ئەوەی لە تارمایی و دێۆزمەکانی شەومان کەمبێ.

*لە هەرزەکاریمەوە بە دەست خەوی ناخۆشەوە گرفتار بووم، بیرم نایەت خەوێکم بینیبێت و پێ خاوس نەبووبم و بە دوای پێڵاوەکانمدا نەگەڕابم یان ون نەبوبم و سۆراغی ناسنامەی ونبونی خۆم نەکردبێ یاخود بە ترسێکی زۆرەوە بە دوو دەستی بڕاوەوە، خەریکی پاراستن و شاردنەوەی شیعرەکانم نەبووبم.

***تۆ هەرچی دەنوسیت وێنەیەکی تێدایە، دیمەنێکی بینراوی هەیە...**

-کە پشت بە وێنە دەبەستم بۆ گەیاندنی بیروبۆچونەکانم دەربارەی جیهان، لەبەرئەوەیە تەنها دڵێك و دوو چاو شك دەبەم، هەرچییەك لە ژیانمدا بە خەیاڵمدا بێت و بیرم بکەوێتەوە، بەشێوەی وێنە دێت، منداڵیم رستێك وێنەیە.

***لە شانۆگەریەکانتدا وێنە ئاوادەبێت و وشە دێتە پێشێ؟**

-لە شانۆدا پێموایە وشە تەوێڵە و تێکڕای رەگەزەکانی دیکە تەواوکەری ئەون.

***بەڵام شیعرو وێنەیە، لە شانۆگەریەکانی تۆشدا شیعر پایەی سەرەکیە؟**

-شیعر بنەمای هەر شانۆگەریەکە کە بینوسم. تەنزوگاڵتەجاری وەك چۆن لە شیعرەکانمدا هەیە، لە شانۆنامەکانیشمدا بەکار دێنم، لە شانۆدا هەوڵدەدەم گوزارشت لەو شتانە بکەم کە بە شیعر ناکرێت.

شانۆ لای من بەو پیاوە دەچێت کە خۆی بە ژورێکی تاریك و نوتەکدا دەکات، سویچی گڵۆپەکانی پێ نیشان دەدەم و پێی دەڵێم لەسەر جێی خەو بنوێ نەك ناو دەرگا، پێڵاوەکانیشی لەبەردەرگا دابنێ نەك لەناو نوێنەکاندا و پێشی دەڵێم لە مەتبەخدا خۆی نەشوات.

من پێموایە مرۆڤی عەرەب بەدرێژایی رۆژگار بەو راوچییە دەچێت لە ناوەڕاستی دەریادا بە دوای قوت و شکۆ و ئازادی خۆیدا دەگەڕێت و تۆڕ و چارۆکە و قیبلەنمای پێییە، بەڵام نابینایە!

هەرچی دەنوسم ئیتر(شیعر بێت یان شانۆ)، دەمەوێت بە دەستەکانم و بە تیانوسەکانم ئەو مرۆڤە گەردا و زریانەکان بپارێزم و هەوڵدەدەم شوێنی مەبەستی نیشان بدەم، ئەوەندەی لە توانامدا بێت ئەوە دەکەم، هەرچەندە من لەو زۆر سەرگەردانترم و زیاتر پەرۆشی ئەوەم قوتارم بێت و بگەمە شوێنی مەبەست.

***لە شانۆو و سینەمادا، قارەمان و کارەکتەرەسەرەکیەکان کەسانی پەراوێز کەوتوون؟**

-ئەگەر هیوایەك لەم نەتەوەیەی ئێمەدا مابێت، ئەوا پەراوێز نشینەکان چرای



عەبدولحەلیم حافز

دیدار

ئەو ئومێدەن، نەك دەستەبژێرو کەسە دیارەکان، بەڵام لێرەدا خاڵێکی سەرەکی هەیە و پێویستی بە رونکردنەوەیە: (لای من پەراوێزنشین ئەو هاولاتیەیە کە لە ناو کەنار و تاریکیدا دەمێنێتەوە، نەك پەراوێزنشین بە مانا فەلسەفیەکەی).

*ئایا ناونیشانی دیوایین شانۆنامەت (خارج السرب)، گوزارشت لە خۆت دەکات؟

-من بە سروشتی خۆم لە دەرەوەی دەستە و گروپم، ئیتر ئەوە لە شیعردا بێت یان لە شانۆ و ژیاندا، من لە کلتوری عەرەبیدا رستەیەکی دژ و ناڕازیم.

***هەرچی دەنوسیت، جەخت لەسەر سۆز و دلۆڤانی دەکەیتەوە...**

-من لە راوچی دەچم  و بە هەست و نەستم درك بە شتەکان دەکەم نەك بە ئەقڵم، ئەقڵ هەنگاوێك بچێتە پێش شیعر دوو هەنگاو دێتە دواوە، شیعر و سۆزداری چەمکێکن پێکەوە دەژین و پێکەوە دەمرن و ئەقڵیش بە دزیەوە خۆی لێماتداون.

*لە نوسیندا سروشتی تایبەت بە خۆتت هەیە؟

-نا... من زۆر ئانارشیستم. هەرچییەکم بوبێت خێرا ئەوەی دەستم پێی رابگات دەینوسم.. ئیتر رەچەتەی دکتۆر بێت یان پاکەت و پارچە کاغەزی دیکە بێت، هەندێ جار لەسەر پارچە کاغەزێك دەنوسم و لەسەر ساردکەرەوەکەیان لە ژوری نوستنمدا جێی دێڵم، پاشان دەستدەکەم بە کۆکردنەوەی ئەو پارچە کاغەزانە لێرە و لەوێ دادەنیشم و دەست بە نوسین دەکەم.

زۆر جار ئەو کاغەزانەم لێ وندەبێت و بیرمدەچێتەوە لە کوێ دامناون. بەیانیان و نیوەڕۆیان دەنوسم، برسیم بێت و تەنانەت لەسەر شەقامیش بم دەنوسم، جاران ئەگەر شتێکم بۆ بهاتایە پشتم بە یادەوەریم دەبەست، بەڵام ئێستا ناوی خۆم نەبێت هیچم بیرنایەتەوە.

کاتێك شتێکم بۆ دێت لە ڕێگادا دەوەستم و دەینوسمەوە، پێموایە خەوش و کەموکورییەك لەو داهێنەرەدا هەیە کە پابەندی کات و شتە نەگۆڕەکان دەبێت.

ئەو دەستەی هەزاران لاپەڕەم پێ رەشکردۆتەوە، هەندێکجار گوێی نادەمێ مەگەر ئەو کاتە نەبێت کەلە مەتبەخدا بریندار دەبێت، پێویستم بە میوزیك و ئارامی نییە تابنوسم... رقم لەوەیە لە پشتی کورسی و مێزەوە بنوسم یان لە جێگەیەکی بێدەنگ و ئارامدا بخوێنمەوە. پێویستە غەڵبەغەڵب و بێنەو بەردەو و ئەمانە هەبێت.. شتێك هەبێت جاڕست کات .

جوانترین دەقەکانی خۆمم لە ژورێکی تەنگەڵاندا (ژورێك بە ملیۆنەها دیوار) یان لەناو پاسدا نوسیوە، هەر بۆیە لە دەستنوسەکانمدا دەبینی وشەیەك بۆ سەرەوە چووە و وشەیەك لە خوارەوەیە، جاران ڕێگاکان پڕی تاسەو چاڵ و چۆڵی بوو، بەڵام ئێستا تەختکراون و لەگەڵیشیدا مرۆڤەکانیان کردۆتە کۆیلە و بەندە.




***دوای دابڕان چی دەتگەڕێنێتەوە بۆ لای نوسین؟**

- من لە نوسین دانابڕێم. یەك رۆژ بە بێ نوسین ناتوانم بژیم... رەنگە لە کاتی نەخۆش کەوتندا بوەستم، بەڵام کێشەو قەیرانەکان وزەی نوسینم تێدا دەتەقێننەوە.

لە جەنگی کەنداودا شتگەلێکی زۆرم لە ماڵەکەمدا شکاند، نوسین لای من شتێکە دڵی خۆمی پێدەدەمەوە، نەك هەوڵێك بێت بۆ شکۆمەندی و نێوبانگ پەیداکردن، من زۆر لەوە زیاتر دەنوسم کە بڵاوی دەکەمەوە.

کێشەی نوسەری عەرەب لە ئێستادا ئەو هەموو سانسۆر و ڕێگر و تابلۆیانەیە کە یەخەی پێدەگرن.

نوسین لای من نوێژ و عیبادەتە، نە پارە و پول و نە دەسەڵات و نە ژن، هیچیان قەرەبوی نوسینم بۆ ناکەنەوە.

***بیر لە نەمری ناکەیتەوە؟**

-نەمریم وەك نوسەرێك بەلاوە گرنگ نیە و بیری لێناکەمەوە... تەنانەت ئەگەر کتێبەکانم لە شەقامەکاندا سوتێنران و خەڵك و خواش خۆیان بە ئاگرەکەی گەرم کردەوە، نە بۆی بە داخ دەبم و نە ئاهی بۆ هەڵدەکێشم، پڵنگ بۆی گرنگ نییە چەرمەکەی ببێت بە پێڵاوی ژنان یان بە دەروازەی کۆشکەوە هەڵبواسرێت، هەر شتە.

***ئایا بیر لە مردن دەکەیتەوە؟**

-هەر تەنها کفن و تازێ باری و شین و زاری نیشانەی مردن نین ... بەڵێ هەندێکجار لە مەرگ دەترسم، یان با بڵێم لەو شتانە ترسم هەیە کە پێش مردن دەکەون، وەك نەخۆشی. بە درێژایی ژیانم وەکی ناحەزێك سەودام لەگەڵ جەستەمدا کردووە و لە دژی هەرچی سەرکوت و تیرۆرە بەکارمهێناوە، ئەویش ئێستا تۆڵەی خۆیم لێدەکاتەوە.

***هەوڵت نەداوە واز لە جگەرە کێشان بێنیت؟**

-نەخێر... من لە نۆ ساڵیەوە جگەرە دەکێشم، قنگەجگەرەم هەڵگرتۆتەوەو دەمکێشا... پێش چەند رۆژێك یەکێك لە پزیشکەکان دڵنیایی دامێ کە زیانی یەك سیگار وەك زیانی یەك پاکەتی تەواوە، لەبەرئەوە بەپێی ئەو رێنماییە پزیشکییە، بە دڵنیاییەوە دەکێشم.

***بەردەوام گوێ لە میوزیك دەگریت؟**

-ناتوانم دەستبەرداری گوێگرتن لە میوزیك ببم.. گوێ لە هەموو شتێك دەگرم لە (بیتهۆڤن و باخ)ەوە بۆ (نازم غەزالی و سەباح فەخری)ە، حەزم بە دەنگی (فەیروز و عبدالوهاب و عبدالحلیم)ە، هەروەها زۆر حەزیشم بە (عەتاب)ەیە، رەنگە تاسەکردنی زێری منداڵیم بێت تا ئێستاش شتێکم لە (عەتاب)ە بیرماوە کە دایکم لە منداڵیمدا لەسەر زاری بوو.

***سەرەرای ئەوەی منداڵیت زۆر ناهەموار بووە، کەچی بەردەوام دەگەرێیتەوە بۆ لای؟**

-جوانترین شتێ لە منداڵیمدا ئەوەیە زۆر بە خێرایی تەواو بوو، تاڵترین شتێکیشی ئەوەیە کە هەرگیز جارێکیتر نایەتەوە. لە نێوان منداڵی جەستەو منداڵی رۆحدا یەك شتم بۆ خۆم نەدوری... ئەوەی دەمدوری ئەوانیدی دەیانپۆشی و لەبەریاندەکرد.

**سەرچاوە :**

محمد الماغوط : اغتصاب كان و أخواتها



محەمەد ماغوت

ساڵی 1930 لە سوریا لە دایکبووە.

بە یەکێك لە پێشەنگەکانی شیعری پەخشان ئامێز دادەنرێت... لە نیشتمانی عەرەبیدا.

شاعیری کۆچکردو سنیە ساڵح خێزانی بووە.

دوو کچیان بووە (شام) کە پزیشکە و (سکافە)ش دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانە لە دیمەشق.

ماغوت بە یەکێك لەو گەورە نوسەرانە دادەنرێت کە بەشداری کردووە لە دیاریکردنی شوناس و سروشت و ئاراستەکردنی گۆڤاری (تشرین)ی سوریدا. هەروەها رۆڵی گرنگی هەبووە لە پێگەیشتن و دەرچوون و گەشەکردنیدا.